Research Center

# دوایین هۆشداری ئەمریکا بۆ یەکگرتنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە

31-07-2023

**نووسەرەکان**

دیار کوردە

**کورتە** : لێرەدا، بەکورتی دەمەوێت باس لە جیدییەتی ئەمریکا بۆ یەکگرتنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە لە هەرێمی کوردستان و داوای ئەمریکا لە یەکێتی و پارتی، بەردەوامبوونی هاوکارییەکانی ئەمریکا بۆ هێزە هاوبەشەکان و چارەنووسی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و ئەمریکا بکەم، ئایا کێ پشت دەکاتە کێ لە داهاتوودا؟

دەمەوێت بەو پرسیارە دەست پێبکەم کە ئەمریکا بەجیدییەتی و کورد چۆن لێی تێدەگات؟ بەپێی زانیارییەکان و چاوپێکەوتنەکانم لە واشنتن و دامەزراوە جیاوازەکانی بڕیاردان لە ئەمریکا، هەروەها ئەو گفتوگۆیانەش کە لەگەڵ بەرپرسانی ئێستا و پێشوو و تەنانەت شارەزایان و پسپۆڕان کردوومە، بەرپرسانی کورد دەبێ ئەو هۆشداری، پێشنیاز و بۆچوونانەی بە نەرمی پێیان دەگوترێت بەجیدی وەربگرن، چونکە سەرئەنجام دوو بەیاننامە بۆ میدیا، لێدوانێکی سەرپێیی لێرە و لەوێ، سەردانێک و تەوقە و باوەشێکی گەرمی بەرپرسێکی ئەمریکی چارەی دەردەکە ناکەن و، ئەم پەیوەندییە بەهێز و ستراتیژیەش کە باس دەکرێت دەرمانی دەردی هەرێمی کوردستان لە داهاتووی عێراق و ناوچەکەدا ناکەن، ئەگەر کورد نەکەوێتە خۆی و بەخۆیدا نەچێتەوە و بە ڕژدی شتەکان وەرنەگرێت.

هەردوو حیزبی چەکداری هەرێمی کوردستان (پارتی و یەکێتی)، لەساڵی ١٩٩٢ەوە باسی یەکگرتنەوەی هێزەکانیان دەکەن و لە ٢٠٠٥ و دوای یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەی هەولێر و سلێمانیش ئاهەنگی گەورەیان بۆ سازکرد و لەدوای ٢٠١٤ و هاتنی داعش و هەوڵێکی جیدی ئەمریکا و هاوپەیمانانیش بۆ یەکگرتنەوەی ئەو دوو هێزە، هێشتا نەک یەکنەخراون، بەڵکو بەپێی ڕاپۆرتێکی پشکنەری وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، ئێستاش ژمارەی هێزەکانی پارتی و یەکێتی لە ژمارەی هێزە هاوبەشەکانی وەزارەتی پێشمەرگە زیاترە! ئەمە سەرەڕای ئەوەی ئەو هێزانەش کە ناویان هاوبەشە، هەژموونی حیزبییان بەسەردا زاڵە لەوانەیە وەک کاتی هێرشەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەر لەبەر یەک هەڵبوەشێنەوە.

لێرەدا، بەکورتی دەمەوێت باس لە جیدییەتی ئەمریکا بۆ یەکگرتنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە لە هەرێمی کوردستان و داوای ئەمریکا لە یەکێتی و پارتی، بەردەوامبوونی هاوکارییەکانی ئەمریکا بۆ هێزە هاوبەشەکان و چارەنووسی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و ئەمریکا بکەم، ئایا کێ پشت دەکاتە کێ لە داهاتوودا؟

## بەر لە مانگی ٩ وەزیرێک بۆ وەزارەتی پێشمەرگە دیاری بکەن

چەند هەفتەیەکی دیکە، بەدیاریکراویش لە مانگی ئەیلوولی ئەمساڵ، وەزارەتی بەرگری ئەمریکا و هاوپەیمانان پێداچوونەوەیەکی ساڵانە بە کارەکانیان لە هەرێمی کوردستان و لەگەڵ وەزارەتی پێشمەرگە دەکەن، بەر لەم پێداچوونەوەیەش، لە مانگی تەمموز، شاندێکی هێزەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانان لەگەڵ وەزارەتی پێشمەرگە کۆبوونەتەوە، لە کۆبوونەوەکەدا بە ڕوون و ڕەوانی بە بەرپرسانی هەرێمی کوردستان و پارتی و یەکێتی کە پەیوەستن بە کاروباری هێزی پێشمەرگە، گوتووە، "ئەمریکا چاوەڕێی ئەوە دەکات، بەر لە پێداچوونەوەی ساڵانەیان کە لە مانگی ئەیلوول دەبێت، هەرێمی کوردستان جیدیەتی بە کردەوەی سیاسی خۆی نیشانبدات بۆ جێبەجێکردنی هەنگاوەکانی چاکسازی لە وەزارەتی پێشمەرگە، بەتایبەتیش دیاریکردنی وەزیرێکی کاتی (چونکە حکومەتەکە کاربەڕێکەرە) بۆ وەزارەتی پێشمەرگە"، هەر ئەمەش نا، نیگەرانی و بێزاری خۆشیان دەربڕیوە کە ئەم پرۆسەیەی لە وەزارەتی پێشمەرگە ناویان ناوە، یەکخستنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە نەک بەرەوپێش نەچووە، بەڵکو بەهۆی ناکۆکی و دابەشبوونی سیاسی نێوان پارتی و یەکێتی خاوبووەتەوە و بەربەستی تازەی بۆ دروستکراوە.

لە ڕووێکی دیکەوە، ڕۆژی پێنجشەممە، ٢٧ی تەمموزی ٢٠٢٣ لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، لەسەر یەکخستنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە پرسیارم لە ڤێدانت پاتێل، جێگری گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا کرد، ئەو بە ڕوونی گوتی "ئێمە بەردەوامین لە نیگەرانییەکانمان سەبارەت دابەشبوونی نێوخۆیی لە پرۆسەی چاکسازیی پێشمەرگە و نیگەرانییەکانیشمان گەیاندووەتە سەرکردە باڵاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان". پێموایە ئەمە دەربڕینێکی زۆر ڕوونە و پێویستی بە هیچ لێکدانەوەیەک نییە.

هەروەها، ڕاپۆرتی پشکنەری وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بۆ چارەگی یەکەمی ٢٠٢٣ بۆ کۆنگرێس، بە ڕوونی ئاماژە بەوە دەدات کە بەرپرسانی ئەمریکا لەنێویاندا، لوئید ئۆستن، وەزیری بەرگری ئەمریکا، برێت مەکگۆرک، ڕێکخەری کاروباری ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە کۆشکی سپی، کاتێک ئەم ساڵ لە دووکاتی جیادا چوونەتە هەولێر، لە کۆبوونەوەکانیان لەگەڵ نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، زۆر بە ڕژدی جەختیان لەسەر پێویستی خێراکردنی یەکخستنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە کردووە.

سەرچاوەیەکی ئاگاداریش لە کۆبوونەوەکانی ئەم دواییەی دەینا سترۆڵ، جێگری یاریدەدەری وەزیری بەرگری ئەمریکا لەگەڵ بەرپرسانی هەرێمی کوردستان، ئەوەی پێگوتم، کە لەو کۆبوونەوانەش باس لەم پرسە کراوە و ئەو بەرپرسەی ئەمریکا ناڕازیبوونی وڵاتەکەی سەبارەت پرۆسەی یەکگرتنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە و نەبوونی وەزیرێکی پێشمەرگەش بە بەرپرسانی هەرێمی کوردستان گوتووە.

پێشتر بەرپرسانی ئەمریکا لە کۆبوونەوە داخراوەکان و دوور لە میدیا و شوێنە گشتییەکان، ناڕەزایی و بێزاری خۆیان لەبەرامبەر یەکنەگرتنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە و سستی پرۆسەی چاکسازی لە وەزارەتی پێشمەرگە بە بەرپرسانی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی پێشمەرگەیان دەگەیاند، بەڵام ئێستا بە ڕۆژی ڕووناک ئەو ناڕەزایی بوونەیان دەڵێن، دوایین ڕاگەیێندراوی هاوپەیمانان و لێدوانەکەی ئەلینا

ڕۆمانسکی، باڵیۆزی ئەمریکا لە بەغدا بۆ ڕووداو و قسەکانی پاتێلیش بۆ من، سێ نموونەی دیارن، کە هەرسێکیان ئاماژە بە نیگەرانی و ناڕازیبوونی ئەمریکا لەو پرۆسەیە دەکەن.

## چەند هێزی پێشمەرگە ڕێکخراوەتەوە؟

لە چەند ساڵی ڕابردوودا، پارتی و یەکێتی هەروەهاش سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستانیش هەمیشە ڕایانگەیاندووە کە ڕژدن لەسەر یەکخستنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە، بەڵام بەپێی ئەو زانیاریانەی لای وەزارەتی بەرگری و دەرەوەی ئەمریکا هەن، هێشتا بە هەزاران پێشمەرگە لە ژێر فەرمانی پارتی و یەکێتی دان. بەپێی ڕاپۆرتێکی هاوپەیمانان و هێزەکانی ئەمریکا لە هەرێمی کوردستان، لە مانگی ئاداری ٢٠٢٢، ژمارەی هێزەکانی ٨٠ کە سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستانە لەنێوان 63 بۆ 68 هەزار پێشمەرگە دەبن، ژمارەی هێزەکانی ٧٠ کە سەر بە یەکێتی نیشتمانی کوردستانە، لە نێوان 40 هەزار بۆ 45 هەزار پێشمەرگە دەبن، هەرلەو ڕاپۆرتەدا هاتووە "ناکۆکییەکانی نێوان سەرکردە سیاسییەکانی پارتی و یەکێتی 'قووڵ و بێکۆتان'، ئەم بێ متمانەییەش بەیەکێک لە گەورەترین هۆکارەکانی بەردەم دروستبوونی هێزێکی سەربازی ناسیاسین."

بەپێی هەمان ئەو زانیاریانەی وەزارەتەکانی دەرەوە و بەرگری ئەمریکا، وەزارەتی پێشمەرگە لەم دواییەدا جبەخانەکانی خۆی نوێکردووەتەوە، بەتایبەتیش لە دهۆک و سلێمانی، بەڵام هێشتا بەدەست ئەوە دەناڵێنێت کە پێویستییەکانی لۆجستی سەربازی وەک ئۆتۆمبێل، چەک و تەقەمەنی و پێویستییەکانی دیکە لای هێزەکانی 70 و 80ی سەر بە یەکێتی و پارتین، ئەمانەش زانیاری ساڵی ٢٠٢٣ن، نەک چەند ساڵێک بەر لە ئێستا، واتە چەند ساڵێک دوای دەستپێکردنی پرۆسەی چاکسازی لەلایەن وەزارەتی پێشمەرگە بە پاڵپشتی ئەمریکا. زانیارییەکان باس لەوەش دەکەن، کە زۆربەی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی دژی داعش و ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکانیش لەگەڵ هێزە عێراقییەکان لەلایەن هێزەکانی پارتی و یەکێتی دەکرێن، نەک لەلایەن ئەو هێزانەی کە سەربە وەزارەتی پێشمەرگەن، ئەمەش بەلای ئەمریکییەکانەوە واتای ئەوەیە کە دەسەڵات و چەک و بەڕێوەبردنی ناوچە و جبەخانە و میحوەری سەربازی لە دەست هێزەکانی پارتی و یەکێتیدان، نەک هێزە هاوبەشەکان.

لەم چەند ساڵەدا کە وەزارەتی پێشمەرگەش هەیە، تەنیا توانیویەتی، سەرپەرشتی 20 فیرقەی هاوبەش، دوو هێزی پشتیوانی هاوبەش، سێ سەنتەری ڕاهێنانی هاوبەش، لەگەڵ کۆلێژێک لە ڕانییە بکات، کە ڕوون نییە دەسەڵاتی تەواوەتیشی بەسەر ئەوانەدا هەیە، یان قەیرانێک بەئاسانی لێکیان جیادەکاتەوە. بەپێی ئەو زانیاریانەی ناوەندەکانی ئەمریکا نەک من.

ئەمە دیمەنی ئەو پرۆسەیە کە لە ساڵی ١٩٩٢ەوە بەناوی یەکخستنەوەی هێزی پێشمەرگە دەستی پێکردووە!

## پارەی ئەمریکا بۆ پێشمەرگە بەردەوام دەبێت؟

وەزارەتی بەرگری ئەمریکا ساڵانە بەپێی ئەو بودجەیەی بۆی دیاری دەکرێت چەند ملیۆنێک دۆلار بۆ ئەو هێزە هاوبەشانە دەنێرێت کە لەژێر کۆنترۆڵی وەزارەتی پێشمەرگەدان، ئەمەش لە ژێر ناوی هاوکاریکردنی ئەو هێزانەی کە شەڕی داعش دەکەن. ساڵانە کە بودجەی پێشنیازکراو دیاری دەکرێت، ئەو بودجەیە دەچێتە کۆنگرێس و هەموو ساڵێک مەترسی ئەوە هەیە، بەهۆی لۆبی بەهێزی نەیارانی هەرێمی کوردستان و پێشمەرگە، تێبینی و نیگەرانی ئەندامانی کۆنگرێس لە خاوی پرۆسەکە قەڵەمێک بەسەر ئەو بڕە هاوکارییەدا بهێندرێت و ئەویش ببڕن یان کەمی بکەنەوە، چونکە دەبێت ئەوە بزاندرێت، ئەو "بێزاری"یەی ئەمریکییەکان باسی دەکەن کاریگەری لەسەر گفتوگۆکانی دابەشکردنی بودجەی پێنتاگۆن دەبێت .

لەم دواییە لەگەڵ ئەندامێکی کۆنگرێس لەسەر ئەم پرسە گفتوگۆمان دەکرد، ئەو نەیشاردەوە کە تێپەڕاندنی بڕگەیەک لە پرۆژەیاسایەکی وەک یاسای بەرگری نیشتمانی، کارێکی ئاسان نییە و چاوی زۆر کەسیشی لەسەرە، هاوکات ئێستا لە کۆنگرێس ژمارەیەک دۆستی کورد و ئاشنای دۆخی عێراق و هەرێمی کوردستان هەن، بەڵام مەرج نییە ئەمە بەم شێوەیە بەردەوامبێت، بەتایبەتیش کە هەر دووساڵ جارێک هەڵبژاردن بۆ ئەنجوومەنی نوێنەران دەکرێت و دوور نییە لە چەند ساڵی داهاتوودا، نەوەیەکی نوێی ئەمریکا بێتە کۆنگرێس، هێندەی ئەم نەوەیەی ئێستا هاوسۆز و ئاشنای پرسی کورد نەبێت و ئەو تێبینی و نیگەرانیانەش کە هەن، وابکات هاوکارییەکان بەتەواوی ببڕن.

ئەگەر بە ژمارەش قسە بکەین، هاوکارییەکانی ئەمریکا بۆ هێزەکانی پێشمەرگە و هێزە عێراقییەکان ساڵ لەدوای ساڵ کەمتر دەبنەوە. وەک نموونە، لە ساڵی ٢٠٢١، ئەمریکا نزیکەی ٥١٠ ملیۆن دۆلاری بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان داواکرد، لە ساڵی ٢٠٢٢ ئەو هاوکاریانە بۆ ٣٤٥ کەمبووەنەوە، لە ٢٠٢٣ نزیکەی ٣٥٨ ملیۆن دۆلار بوو، بۆ ساڵی ٢٠٢٤یش بڕێک پارە کە نزیکەی ٣٩٨ ملیۆن داواکراوە بۆ هەموو

خەرجییەکانی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق و سووریا.

## کۆتایی

لە راستیدا، ئەوەی باسم کردووە و نوسیوومە زانیارییە، نەک لێکدانەوە و پێشبینی، بەڵکو ئەمریکا و هاوپەیمانانیش، چاکسازی و یەکخستنەکانی هێزەکانی پێشمەرگەیان وەک مەرجی ئەو هاوکاریانە داناوە و ئەوەشیان بە خودی بەرپرسانی وەزارەتی پێشمەرگە گوتووە. بەرپرسێکی باڵای وەزارەتی پێشمەرگەش ئەو راستییەی بۆپشتڕاست کردینەوە. لێرەش لە ئەمریکا لە بەشێکی ئەو کۆبوونەوانەی سەبارەت هێزەکانی پێشمەرگە کراون، بەرپرسانی ئەمریکا ئەو راستییەیان بە بیر بەرپرسانی هەرێمی کوردستان هێناوەتەوە لەسەر هەرسێ ئاستی باڵای ئەمریکا، کۆنگرێس، کۆشکی سپی و وەزارەتی دەرەوە، بگرە چەند جارێک زۆر بەڕوونی پێیان گوتراوە.

کورد پێویستە خێراتر هەنگاوبنێت، چونکە رەنگە لەهەر کاتێکدا ئەو هاوکاریانە بوەستن، یانیش بەربەستی گەورەیان بۆ دروستبێت، چونکە لەبیرمان نەچێت کاتێک ئەندامانی کۆنگرێس ئەم هاوکاریانە وەک مەرجێک دەبینن، رەنگە لەهەر کاتێکدابێت بۆ جێبەجێکردنی ئەو مەرجەیان، گوشارەکان زیاتر بکەن و رێگەنەدان ئەو هاوکاریانە لە کۆنگرێسدا تێپەڕن.

**لەکۆتاییدا،** من باس لەوەناکەم هۆکاری سەرەکی یەکنەخستنەوەی هێزەکانی پێشمەگە کێیە، پارتییە یان یەکێتی، هێزە نێوخۆییەکانی عێراق یان وڵاتانی هەرێمی، بەڵام ئەوە دەڵێم، ئێستا دەرفەتێک هاتووەتەپێش بۆ یەکخستنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە، گرنگە  ئەو دەرفەتە لەبار نەبرێت، چونکە بەسەرپەرشتی و پشتیوانی گەورەترین وڵاتی جیهان دەکرێت . ئەگەر ئەمریکا هاوکارییەکان رابگرێت یان لە یەکخستنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە کشایەوە و بە پەیوەندییەکانیدا چووەوە لەگەڵ هێزەکانی پێشمەرگەدا، ئەوکاتە نابێ گلەیی لە کەس بکرێت. کەس پشتی لە کورد نەکردووە، کورد خۆی پشتی لەخۆی کرد. هەمیشە ئاوڕدانەوە و لێپرسینەوەی مێژوو و راستکردنەوەی هەڵە مێژووییەکان شتێکی گرنگە، بەڵام بۆ کورد ئێستا باشترە لەم کاتەدا واز لەو باسانە بێنن و، لێپرسینەوە لە دۆخی ئێستای کورد بکەن کە بۆچی وابەسەرخۆی دەهێنێ!